هەرکەسێکتان توانی ئەوا با هاوسەرگیری بکات؛ چونکە ئەمە چاو ودامێن دەپارێزێت، وئەوەی ناتوانێت ئەوا با رۆژوو بگرێت؛ چونکە ڕۆژووگرتن قەڵغانە (ئارەزوو کەمدەکاتەوە)

لە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووین، فەرمووی: «هەرکەسێکتان توانی ئەوا با هاوسەرگیری بکات؛ چونکە ئەمە چاو ودامێن دەپارێزێت، وئەوەی ناتوانێت ئەوا با رۆژوو بگرێت؛ چونکە ڕۆژووگرتن قەڵغانە (ئارەزوو کەمدەکاتەوە)».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری ئەو کەسە دەکات کە توانای جووتبوون ودابینکردنی خەرجییەکانی هاوسەرگیری هەیە بەوەی هاوسەرگیری بکات؛ چونکە دەبێتە هۆی پاراستنی چاو لە سەیرکردنی حەرام وپاراستنی دامێن، وڕێگرە لە تووشبوون بە داوێن پیسی، وئەوەی ناتوانێت خەرجییەکانی هاوسەرگیری دابین بکات لەکاتێکدا توانای جووتبوونی هەیە ئەوا پێویستە ڕۆژوو بگرێت چونکە دەبێتە هۆی پچڕاندنی شەهوەتی دامێن وشەڕ وخراپەی مەنی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5863